کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

14-11-2007 19:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کۆتری پەیامبەر ... بەکر حەبیب**

ئەی کۆتری باڵنەخشینی وولاتی کرێوەو زریان
لەشەقە بە بۆ ئاسمانی پر هەوری پەنگ خواردووی گریان
دووایین نامەم بدە دەستی مرۆڤایەتی لەجیهان
ویژدانی خەواڵوی ئەوان بخەرە گریە و قورپێوان
بڵێ ئاخۆ هەیە و بووە میللەتێکی چل ملیۆنی
قومارپکرێ بۆ ئایندەی، کۆکبن لەسەر لەناوچوونی
گۆشتوئێسکمانبهارن، لەقاڵببەن هەناسەمان
ئەوسا ڕۆحەکانمان جارێ، شۆرشێکیتازە ئەدەن
بیگەیەنە ئەی باڵندە، پەیامی پر لەبرینێ
بۆ کەسانێک کە چاوانیان مرۆڤی کوردیش ببینێ
دووایش لەباڵدە بۆ کەنار مەنزڵگەی حەزی دزراوم
بۆ چوار پارچەی کوردوستانی کەلەپچە لە دەستکراوم
تێر بنوارە لە بری من بۆ وولاتێ نەخشەی نییە
بۆ میللەتێک لەم دنیایە لە مافی بوون بێبەرییە
لە سەر هەر چیایێ لوولە و باسکی تفەنگێکت بینی
لە توولە ڕێی هەر دۆڵێکدا کۆمەڵێ سوارچاکت بینی
لە هەرکوێستانێ سەدایەک کە لە دور ڕا دەنگی داوە
بزانە کە کوردوستانە و ئەوەش قاسپە قاسپی کەوە
لەژێر هەردارێکی جێماو لە تەک گوندی ئەنفال کراو
لە سەر گڵکۆی شەهیدانم لە بنخاکی تەعریب کراو
سەرنجی ووردت بنێرە بۆ لێرەوار و گشتبەردێ
دەبینی ئاڵ خۆی دەنوێنێ بە خوێنی ڕژاوی کوردێ
ئەگەر بۆنێکی وەک بۆنی، سێو هاتەلوتت لە ئاسمان
یان هەناسەت توندی گرتی و چاوت نزیک بوولەگریان
کە ژمارەی گشت گۆڕەکان پێنج هەزابوو لەو جێگەیا
بزانە (شەهیدستان) ە و ئەوە شاری هەڵەبجەیە
تکات لێبێ ئەی باڵدارم بڵێبە گشت سەرکردەکان
واز نەهێنن لە رزگاری بستێک لە خاکی نیشتیمان
لەشکر کێشی وخۆ شڵەژان دادی دوژمنانمان نادا
یەکبوون و هاوخەباتیمان تیمار ی زامەکاندەکا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.